درامای ئارەزوو، کەمهێنانی لەئارەزووەکانی ژناندا

گەر خاڵێکی جیاکەرەوەی ئەمڕۆی درامای کوردی لە درامای دوا دەیەی سەدەی رابردوو ئەوەبێت، کە ئەم درامایە تاڕادەیەکی بەرچاو مەودایەکی وەرگرتووە لە بابەتی گوندنشینی و پەیوەندییە فیودالییەکان، ئەوا درامای ئارەزوو بەدیدێکی ترو ئاوڕدانەوەیەکی ترەوە دەمانباتەوە بۆ ئەو زەمەنە.

کەم بوونەوەی بابەتی درامایی لەسەر گوندنشینی و پەیوەندیە خێڵەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە شاشەی تەلەڤیزیۆنە کورددییەکاندا، تامەزرۆیی و چێژێکی گەورەی دایە درامای ئارەزوو بۆ بینەرانی.

ئارەزوو، لەرووی دەرهێنان و نمایش توانایەکی باشی پێوەدیاربوو، بەهرەمەند بوو لە باشترین و خۆشەویسترین روخسارەکانی شانۆ و درامای کوردی. چنین و خێرایی رووداوەکان بینەرانی تا دواچرکە لە تەک خۆیدەبرد. موسیکی وێنەییش لە چاو موسیکی دراماکان و تەنانەت فیلمە کوردییەکانی ئەمڕۆدا دەسترۆشتوویەکی مەزنی پێوەدیاربوو.

ئارەزوو، درامایەکی نووسراوە کە زادەی بیری نووسەرەکەیەتی، گەر هەندێ لە رووداوەکان کە دەشێ رویاندابێت یاخود واقعێکی بەرچاو و حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگەی کوردی بێت، بەڵام ئەم درامایە مێژویی نییە و ناچێتە ئەوخانەیەوە، هەربەم هۆیە رەخنەگرتن لە رێچکەی رووداوەکانی ئەم درامایە خۆی مەترەحدەکات. نووسەر لە رێگەی کۆمەڵێک رووداو دەیەوێت رەخنە لەپەیوەندیە خێڵەکییەکان بگرێت کە بوونەتە رێگر لە هێنانەدی ئارەزووەکانی ژناندا، نەک باس و گێڕانەوەی مێژویەک، بەم هۆیە قسەی ئێمەش لە رۆڵی فاکتەرە مێژوویەکان نییە، خوێندنەوەیەکی ترە بۆ ئارەزووە کپکراوەکانی ژنان لەدیدێکی ترەوە کە جیاوازە لە دیدی درامای ئارەزوو.

درامای ئارەزوو، پێی وایە کە ئارەزووەکانی ژنانی کردۆتە میحوەری سەرەکی خۆی، بەڵام ئەم بابەتی ئارەزووە دەبێت بەژێر دەست و پای رووداوەکاندا و تا دوا دیمەنی دراماکە و نووسێنێکی سەر شاشەکە سەبارەت بە ئارەزووەکانی ژنان بۆ بینەر ساغنابێتەوە.

کارەکتەری سەباو و رۆڵی کاریگەری لەدرووستکردنی رووداوەکان بە تایبەت (لەسەرتای دراماکەدا)، وێنەیەکی تەواو پێچەوانە لە ئامانجی سەرەکی دراماکە نیشاندەدا. هەموو شتەکان لەژێر سەری سەباو دان و ئەوەی لەسەباو نەترسێ لەخواش ناترسێ، ماڵی سەباو بۆتە غورفەی عەمەلیات و لەوێوە پلانی کوشتن وبڕین و پێشێلکردنی تەواوی داب ونەریتەکانی خێڵی تێدا دادەڕێژرێت. کارەکتەری سەباو جادوگەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەخاتەوەبیر کە گوایە بەجادوەکانیان کۆمەڵگەیان سەرگەردان و نابووت کردبوو، هەربۆیە لەلایەن کەشیش و کۆنسێرڤاتیە دەسترۆشتووەکانەوە خوێنیان حەلاڵ دەکرا و دەرزی ئاژەن دەکران و دەسووتێنران. چەقبەستنی کێشەکان بەدەوری سەباودا و بوونی کێشەکان لەژێر سەری ئەودا(بەتایبەت لەسەرەتاد)، درامای ئارەزوومان وەک نمونەیەکی دژ بە ئارەزووەکانی ژنان نیشاندەدا.

سەباو بۆ خۆی لەبری خوێن دراوە بەکورێکی گێلی کوێخا، قوربانییەکی تری پەیوەندییە دواکەوتوو و پیاوسالارەکانە، هیچ حسابێک بۆ ئارەزووەکانی نەکراوە. سەباو بەزۆر کراوەتە بووکی کوێخا و براژنی کەسێکی رۆشنبیری وەک مامۆستا ئەحمەد، بەڵام نە لەلایەن کوێخای فریشتەوە ئاورێکی لێدراوەتەوە نە لەلایەن مامۆستای بەرابەرخواز، بەپێچەوانەوە سەباو خوێنخۆشکەر و کوێخاش سوڵحکەر و ئاگرکوژینەرە. جیاوازی نێوان ئەو و عارفی داوێنپیس و شەڕخۆشکەر هەر ئەوەندەیە کە ئەم بەلاوازی خۆی تاکۆتایی دەمێنێتەوە. سزاکەشی دەسپێردرێت بە کەسێکی نا تەبیعی و یاخی عەشیرەت، دەرهێنەر ئەوەدەزانێ کە بینەر داوای چارەنووسی سەباوی لێدەکات، هەر بۆیە تۆڵەی تاوان و سێکسکردنە نا شەرعییەکانی سەباو لە کۆڵ پیاوانی عەشیرەت دەخاتەوە و دەیداتە دەست کەسێک کە بۆخۆی عەشیرەت لێی بێزارە، تاکو بینەر قینی لە کوێخاو هۆزەکەی هەڵنەستێت، ئەمەش پێچەوانەی داب ونەریتەکانی خێڵەکییە، ئەو تاوانانە هەمیشە بەسەرپەرشتی سەردار و کوێخاکانی خێڵ بە فەخرەوە سیمیناری کوشتنیان بۆ بەڕێخراوە، بەتایبەت بووکی کوێخاش بووبێت ئەمەیان قابیلی قبووڵ نەبووە، تەنانەت لای عارفە بەرژەوەندپەرست و داوێنپیسەکانی عەشیرەتیش.

لە ئارەزوودا، بوختان و درۆهەڵبەستن کاری گەورەی لەیەکاڵاکردنەوەی رووداوەکاندا دەبینی و بەهۆیەوە یاری بە ئەقڵی هەمووان دەکرا پێی.

کچانی نێو ئارەزوو، بە هەمیشەیی لە بوختانەکان تۆقیبوون و لەبەرانبەر زوڵم و ملهوریەکانی خەڵکیدا کەمترین دەنگیان هەڵدەبڕی. بەدرێژایی دراماکە لە دووسێ حاڵەتدا ژنان بەسەرپێیەکەوە بۆڵەیەکیان لێوەدەهات لە بەرانبەر زوڵمی پیاواندا.

کوشتنی ژنان لای بەرەی خێرخواز بە کوێخا، حاجی، سوارە مامۆستا و مەلایشەوە سنووردارکرابوو بەمەسەلەی بوختانەوە، تا ئەو شوێنە بەزوڵم دەرهەق ژنان دەزانرا کە لەسەر بوختان و قسەیەکی هەڵبەستراو ژنێک بکوژرێت. هەر بەپێی ئەم تێڕوانینە بێت زۆر بە ئاسانی کچۆڵەیەکی نێو ئارەزوو سەری لەملی دەکرایەوە لەکاتی ئاشکرابوونی پەیوەندییەکی سێکسی لەتەک دڵدارەکەیدا. هەر بۆیە دەبینین کچانی نێو ئارەزوو هەمیشە سوێندیان دەخوارد کە پاکن و لە رێساکانی خێڵ لایان نەداوە، کە دەکاتە ئیمزاکردنی کوشتنی خۆیان لە کاتی ئەنجامدانی سێکسکردنێک لەدەرەوەی زەواجدا. درامای ئارەزوو دەیەوێت ئەوەمان نیشان بدات کە ئەو هەزاران ژنەی لە کوردستان کوژران بە هۆی بوختان و قسەی هەڵبەستراوەوە بووە، کە لە کاتێکدا رێژەیەکی کەم بەم هۆیە کوژراون، زۆریش هەبوون بە هۆی پەیوەندی خۆشەویستی و ئەنجامدانی سێکس کوژراون و لەلایەن دەستەڵاتداران و یاساشەوە ئاسانکاری بۆ ئەو کۆشتنانە کراوە.

گەر پاساوی کەسانێک ئەوەبێت بۆ برگری لە هەقانییەتی ئەم دارامایە، کە گوایە: واقعی کۆمەڵگەی کوردی بۆ خۆی وایە و هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت و بەرگری لە مەسەلەی ژنان هەر ئەوەندەدەکرێت، ئەوا بە هەڵەداچووە. ئارەزوو بەشێکی بچووکی کۆمەڵگەی کورددییە، تەنانەت نیشاندانی وێنەیەکی ناواقعییە لە کۆمەڵگەیەکی گەورە لە گشتییەتی خۆیدا.

فریشتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و خەمخۆرەکانی ژنان کوێخا، حاجی و مەلاکان نین بەڵکو پێشکەوتووخوازان و بزووتنەوەی ژنانە.

گەر پەیام و ئیدعای ئارەزوو مەسەلەی بەرگری لە ژنان نەبوایە ، بەبێ نووسینی کۆتاییەکەی بووایە کە پەیامەکەیان تێدا ئاشکراکردبوو، ئەوا بۆ خۆیان باشتر بوو، هەروەها ئەم نووسینەش نەدەنووسرا.

لە کۆتایدا ئەوەندە ماوە بوترێت، کە ئارەزوو لە پرۆژەیەکی حکومەتی هەرێم دەچێت بۆ سووککردنی باری هەموو ئەو فشار و رەخنانەی کە هاتۆتە سەریان لە بەرانبەر رەشەکوژی ژناندا. تێڕوانینی ئارەزوو تێڕوانینی فەرهەنگی باوی دەستەلات و حکومەتێکە کە کوێخا، حاجی و مەلاکان بەشی شێریان تێدا هەیە و کوشتنی ژنان و لەگۆڕنانی حەز و ئارەزووەکانیان سیما و خەسڵەتی بزووتنەوە و دەستەلاتەکەیانە.

سەردار عەبدوڵا

sardar۲@spray.se

دەربارەی "بنیامین" مەنوسن نەبادا وشەکان بە دەنگ بێن

لە ئینگلیزیەوە

ئەسعەدی مەلا مستەفا

گەر کەسێک بیەوێت بدوێ دەربارەی بنیامین ئەوا پێویستە بە وریایەوە بنوسێت نەبادا وشەکان بێنە دەنگ".

گێرشوم سکۆلیم.

والتەر بنیامین Walter Bunjamine ، گەورە فەیلەسوفی ئەڵمانی و سەرکەوتوترین رەخنەگر لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، تەکنەلۆجی، هونەر و کۆمەڵگە. بنیامین ژمارەیەکی زۆر کاری ئەدەبی بەجێهێشت کەزۆربەیان لەژیانیدا تەواو نەکران. بەشێکی زۆری ئیشەکانی بڵاوکرانەوە لەکاتی خۆیدا بەڵام زۆربەیان کەوتنە پاش مردنی و لەدوای مردنیدا بڵاو کرانەوە . کە بونە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆلێکۆڵەرەوەکان و هەزارەها روونکردنەوەیان لەسەردراوە. پاوڵ ڤالێری گەورە شاعیری فەرەنسی دەربارەی بنیامین دەڵێ " والتەر بنیامین ڕیبازێکی تازەی هێنایە ئاراوە بە گوێزانەوەی تەکنیکە گشتگرەکانی هونەر، کە کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر داهێنراوە هونەرییەکان و گۆڕانێکی ئەفسوناوی کردە هزری هونەری. لە یەکێک لە بەناو بانگترین مەقالەکانیدا ئەم راستییە بەڕوونی دەردەکەوێت کەلەژێر ناونیشانی " The Work of Art in the Age of Mechanical Reproduction"وە بەدامەزرێنەری پەرەسەندن و گەشەکردنی فەلسەفەی پۆست مۆدێرن دادەنرێت. کاتێک دەست دەدەیتە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی سەرت دەسوڕمێت کە لەوتەمەنە کورتەدا هەزارەها کاری ئەفسوناوی چێکردووە.

بنیامین لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی جولەکە هاتۆتە دنیاوە، لەبەرلین لەساڵی ۱۸۹۲دا، باوکی بازرگان بووە، بنیامین تا تەمەنی ۲۸ ساڵی بە بەردەوامی خوێندکار بووە، فەلسەفەی لە زانکۆی بەرلین خوێندووە لە - مریبێگ میونخ - لەزانکۆی بێرن خوێندنی تەواو کردووە لە سویسرا، بڕوانامەی دکتۆرای لە ساڵی ۱۹۱۹ دا وەرگرتووە. بەهۆی دەوڵەمەندی خێزانەکەیەوە یارمەتییەکی زۆری جولەکەکانی ئەڵمانیای داوە بەتایبەت لەسەردەمی نازییەکاندا.

گێرشوم سکۆلیم لێکۆڵەرە لە سۆفیزمی زایۆنیدا بەم جۆرە باسی یەکەم ئاشنابونی بە والتەر بنیامین دەکات : 'یەکەم جار بوو چاوم بە بنیامین کەوت، لەپایزی ساڵی ۱۹۱۳ دا کاتێ بنیامین لەگفتوگۆیەکدا و لەبەردەم هەزاران کەسدا دەستنیشان دەکرێ بۆ قسەکردن لەسەر گەنجەکانی جولەکەو ئازارەکانیان، کە لەلایەن بەرێوەبەرەکەیەوە هەڵدەبژێردرێ بەناوی زانکۆکەیەوە قسە بکات، ئەویش هەرچەندە خۆی ئامادە نەکردبوو بەڵام وتارێکی دا کە هەموو ئامادەبووانی سەرسام کرد. کە لەدوایدا دەسبەجێ سەرۆکی زانکۆی بەرلین دەیکاتە سەرۆکی "یەکێتی فێرخوازانی ئازاد" لە زانکۆی بەرلین، لەوکاتەدا سکۆلیم دەڵێ خۆم پێنەگیرا و یەکسەر چومە لای و لەوێوە هاوڕێیەتیمان دەستی پێ کرد" .

لەکۆتایی کتێبەکەیدا سکۆلیم دا دەڵی "بنیامین بەهۆی ئەو حەزە زۆرەی بۆ فەلسەفە هەیبوو بووە هۆی دوور کەوتنەوەی لەهاوڕێکانی و زیاتر چووە خەڵوەتەوە و گۆشەگیر بووە .

لە بەرلین لە ساڵی ۱۹۲۰دا بنیامین دەست بە رەخنەی ئەدەبی و وەرگێران دەکات. لەو کاتەدا بەسەرکەوتوو ترین رەخنەگری ئەلمانیا دادەندرا، بەلام ئەم هەوڵدانەی بنیامین زۆری نەخایاندو ساتە سەختەکان نەیانهێشت بنیامین بەردەوام بێت، کاتێک زانکۆی فرانکفۆرت نامەی دکتۆراکەی رەفز دەکات کە لەژێر ناوی "سەرەتای تراژیک درامە لەئەڵمانیا" دابوو لێرەوە نەهامەتیەکان دەستپێدەکەن، پاش سەرکەوتنەکانی هیتلەر بنیامین ناچاردەبێت لە ساڵی ۱۹۳۳ ئەڵمانیا بەجێبهێڵێت و روو بکاتە پاریس ، لەوێ وەک رەخنەگرو نوسەر لە رادیۆی پاریس دادەمەزرێ.

لەساڵی ۱۹۳۹ دا کاتێک فەرەنسا لەلایەن هیتلەرەوە داگیرکرا، ناچار دەبێت فەرەنساش بەجێبهێڵێت لەگەڵ کۆمەڵێک پەنابەر روو دەکەنە ئیسپانیا، بەڵام ئەو کاپتنی ئەو کەشتییەی کە گەشتەکەی یەدەکەن هەڕەشەی ناردنەوەی بۆ فەرەنسای لێدەکا. لە ناچارییا بنیامین بەهۆی خواردنی دەرمانێکی زۆرەوە. لە ۲۷ی سێپتەمبەری ۱۹٤۰ دا لەپۆرت بۆ لە ئیسپانیا خۆی دەکوژێ.

بنیامین بە کارل مارکس و فکرەی کۆمۆنیستی سەرسام بووە، هەربۆیەش لە ساڵی ۱۹۲۷ دا بەمەبەستی بینینی دەسەڵاتی کۆمیونیستەکان بەرەو یەکێتی سۆڤێتەی دەڕوات.

هەروەها ماوەیەکیش دەچێ بۆ فەلەستین و لەوێ بۆ ماوەی چەند ساڵێک تا ساڵی ۱۹۳۰دەمێنێتەوە.

بنیامین لە رەخنە گرتندا سودێکی زۆری لە مێژووی ماتریالی دا بینیوە، بۆ ماوەیەکی زۆر مومارەسەی کردووە. هەر بۆیەش لە رەخنە گرتندا سەرکەوتوو بووە.وە منالانی زۆرخۆش ویستووە هەربۆیەش یەکێک لە کتێبەکانی خۆی تەرخانکردووە بۆ یادەوەری منالی خۆی لە ئەڵمانیا کە لەژێر ناونیشانی (یادەوەریەکانی منالی لە دەورووبەری ساڵی۱۸۹۰دا) کە باس لە ساتەکانی منالی خۆی دەکات لە ئەڵمانیا.

لە ساڵی ۱۹۲۱ دا تابلۆیەکی بە دیاری بۆ دێت لە لایەن پاوڵ کلێوە بە ناوی (ئەنجلس نۆڤس) پاشان ئەم تابلۆیە پێشکەش بە سکۆلیم دەکات، وەک یادەوەریەک بۆ بنیامین سکۆلیم لە تەنیشت تابلۆکەوە دەنوسێت "گەر کەسێک بیەوێت دەربارەی بنیامین بدوێ، ئەوا پێویستە بە وریایەوە بنوسێت نەبادا وشەکان بە دەنگ بێن".

لە بەناوبانگترین کتێبەکانی "جادەی یەک رێ" و "قەیسەرەکان" و "کورتە مێژووی فۆتۆگرافی" و چەندەها کتێبی تر. بنیامین عاشقی خاتوونێک دەبێت بەناوی "ئاسیە" کە زۆری خۆش ویستووە، یەکێ لە ناسکترین بەرهەمەکانی خۆی پێکەش بەو خاتوونە کردووە. بەناوی "جادەی یەک رێ. کە لەساڵی ۱۹۳۰ داو خۆزگەی خواستووە بیکاتە هاوسەری خۆی، بەڵام ئاسیە خاتوون گەرایەوە شاری "رێگا"و دە ساڵی لە ئوردوگا زۆرەملێکانی ستالین دا بەسەر برد، کاتێک کە رزگاری بوو ئیدی ئەمجارە بنیامین لەژیاندا نەمابوو تا بەیەک بگەن، بەڵام لەوانەیە شوێنی بەیەکگەیشتنیان ناو بیرەوەری ئێمە بێت کاتێک ئێمە خۆزگەی بەیەکگەیشتنیان بۆ دەخ

سەرچاوە

Encyclopedia of World

رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز:

رێکار ئەحمەد

سەرنووسەر:

حوسێن حەسەن

ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز:

۰۷۵۰۱۱۹۱٤۹۷

ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر:

۰۷۵۰٤٤۷۱٦۳۱

ئۆفیسی سلێمانی

گەڕەکی رزگاری،

نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم،

بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا،

ژمارەی تەلەفۆن ۰٥۳۲۱۰۹۲٥٦

ئۆفیسی هەولێر

شەقامی شەست مەتری

گەڕەکی رزگاری

نزیک ئاسایشی گشتی

ژمارەی تەلەفۆن ۰۷٥۰۱۱۷۹۸٤٦

ئۆفیسی کەرکوک

حەسیرەکە،

بەرانبەر نەخۆشخانەی رزگاری،

ژمارەی تەلەفۆن ۰۷۷۰۱۳۲٥۰۸۰

ئۆفیسی رانیە

شەقامی نالی،

بەرانبەر گەراجی نەورۆز

کتێبخانەی رۆژی گەل

ژمارەی تەلەفۆن ۰۷٥۰۱۱٦۳۸۰٥

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com